# سەردانی جێگری وەزیری هیجرەی سوید

ريبوار عارف

له ڕۆژی پینج شەممە بەرواری ١٨ .٤. ٢٠٠٢ ريبوار عارف سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کۆبوونەوەیەك لەگەل جیگری وەزیری هیجرە سوید بەریز **Gunbrit Andersson** سکرتیری دەولەت بۆ کاروباری پەنابەری هەروەها لیپسراوی وەزارەتی دەرەوە ،بۆ کاروباری پەنابەری بەریز **Lars Sjögren** بۆ ماوەی زیاتر لە سەعات ونیویك قسەو باس کرا . وەهاوکات لەم کوبوونەدا ئاسۆ گوران سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە سوید ، هەلالە رافع بەرپرسی کۆمیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عیراق ، نەبەز خالد ، سامان علی محمد بەشدرایان کرد .

سەرەتا داوای رون کردنەوەیەك کرا لە بەریز Gunbrit Andersson لە پەیوند بە دواین نەتیجەگیریەکانی وەزارتی هیجرە سەبارەت بە گەرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ کوردستانی عیراق ، کە ئایا گەرانەوەی پەنابەرانی کورد لەسەر ئەساسی کام لیکدانەوەی دروست و زانیاری واقعیدا ، باس لە بوونی ئاسایش دەکریت لە کوردستانی عیراقدا ؟

جیگری وەزیری هیجرەی سوید سەرەتا ئاماژەی بەوە کرد کە تیکرای ئەو فاکتورانەی کە ئیمەی بەو ئاکامە گەیاند کە بلین کوردستانی عیراق ناوچەیەکی ئاسایشە پرۆسەی ئالوگوریکە کەلەماوەی چەند سالی رابردودا بەسەر ئەم ناوچەدا هاتووە.

هەروەها پەیوەندی و هاوکاری ئیمە لەگەل پارتی ویەکیتی ، ریکخراوە خیری یەکان کە بەپێ ئەو زانیاریانە کە لەم لایەنانەوە بە دەستمان هیناوە ،کوردستانی عیراق ناوچەیەکی ئاسایشەو ئەوانیش پیان وایە کە بارودۆخی ئیستەی کوردستان بەو شیوەیە کە خەلکی بتوانن لە ئاشتی و ئاسایشدا پیکەوە بژین. دیارە هەندی تایبەتمەندیمان لەبەرچاوگرتووەو حسابی لەسەر دەکەین بەتایبەت لە سەر وەزعی ژنان . لە بەشیکی تری باسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کەدیار هەلویست ولیدانەوەی وولاتانی تری ئەورویا لەم بارەوە کۆمەکیبە وردبوونەوەی ئیمەکرد لەبارەی ئەم بریارەوە، نەك هەر ئەمە دەتوانم بلیم بەگشتی ئیمە یەك لیکدانەوەمان هەیەو دەمانەویت بۆ گەرانەوەی پەنابەرانیش پیکەوە هەنهاو هەلبهینەوە. وە ئیمە پیمان وایە دەکریت بۆ کردنەوەی پرۆژەو کومەك کردن بەو وەزعە،بارودوخە زۆر بەرووباشتر بچیت ، بۆ نموونە ئیستە ئیمە خەریکی پرۆژیەکین بۆ زانکوی هەلیرو یان لە ریگەی ریکخراوەکانی ترەوە دەمانەویت پرۆژەی تر لی بدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارو دۆخەو ریگرتن بە بەردوام بوونی ئاوارە بوونی ئەو خەلکە.

پاشان دواتر ريبوار عارف پاش بەرپەچ دانەوەی قسەو باسەکانی ئەوان و نارۆشنی هەلویستیان سەبارەت بەمەسەلەی ژنان و پەروایز کردنی ئەم کیشەیە کەلە چەند سالی رابردودا بەنرخی گیان لە دەست دانی هەزاران ژن بەمرۆ گەشتووە ، ئیستە حکومەتی سوید دەیەویت یەکیك لەگەورەترین کیشەکانی نەبوونی ئەمنی یەت لە کوردستانی عیراقدا کە ریشەی سیاسی و کومەلایەتی ویاسای هەیە بکاتە دیاریدەیەکی رۆتین و لاوەکی.

ناکریت ئەو ئیدعایە بکریت کە لە کومەلگایەدا کە ژنان وەك نیو کۆمەل رووبەری مەرگ و تیرۆری هەزاران کەسی دەبنەوە لە کومەلگایەدا کەبەشیکی بەرچاوی بەهۆی بەردوام بوونی قانوونی ئەحول شخسی و یاساکانی تری حکومەتی عیراق کەلە کوردستاندا بەریوە دەبرین رۆژانە ژنان قوربانی بۆ دەدەن وتەنانەت کار بە شوێنیك گەشتووە کە هەر سەرۆك عەشیرەتیك

www.kurdistannet.org
09/05/2002 00:35

حوکمی ناوچەی خۆی داسەپینیت و بە پییّ ی داب و نەریتی کوردەواری و دینی قەسابی جەستەی ژنان بکات .
.... پرۆژیەك کە حکومەتی سیوید کومەکی پیّ دەکات لە زانکۆی هەولیر هەفتەی رابردو برایاری قەدەغە کردنی پانتول لەبەرکردن دەدەن بۆ کچان لەهەمان زانکۆدا ،چەند مانگیش لەمەوبەر بەسەدان کەس لەبازاڕی هەولیردا بەهۆها کیشان دوای دوو کچی سفور دەکەون ، ... بەکورتی باس لەوە کرا کەکیشەی ئاوارە بوونی ژنان و هەموو خەلکی کوردستان کیشەیەکی سیاسی یەو چارەسەرکردنی کیشەکەش بەهەمان شیوە هەلویستگیریەکی سیاسی دەویت و پیویستە ریگە حەلیکی سیاسی بۆ ئەم کیشەیە بدۆزریتەوە . هەروەها دواتر بە شیوەکی هەمەلایەنە بیّ ئەساس بوونی ئەو لیدانەوەی ئەوان و زانیاریەکانیان خرایەروو وە بە رۆشنی باسیکی کوردتی لە پەیوەند بە نەبوونی هیچ جۆرە ئاسایشیك کرا لە کوردستاندا.
١١ سالْ سەرگەردانی سیاسی ، نەبوونی یاساو بەریوە بردنی کۆمەلگا لەلایەن هیزە ملیشیاکانەوەو دابەش بوونی کوردستانی عیراق بەسەر سیّ ناوچەی ژیر دەستەلاتداریەتی ئەم هیزە میلیشیایانەو بوونی شەر، کوشتار ، لەشکرکیشی وولاتانی ناوچەکە ، مەترسی گەرانەوەی بەعس بۆ کوردستان ، تیرۆری هەزاران ژن ، دەوری تیرویستانەی ئیسلامی سیاسی ، ئیرهاب و تەقاندنەوەی رۆژانەو نەبوونی ماف و ئازادی یە مەدنی یەکان و .... هتد،وەك تیروری هەلسورانی سیاسی و تەنانەت هەولی تیرۆریستانەی ئەم دوایانە لە هەلیرو سلیمانی بۆ تیرۆر کردنی هەر دوو سەرۆکی حکومەتی هەریم لە ( هەولیرو سلیمانی ).
هەر وەها لەم بارەوە خستە رووی نزیك بە ١٠٠٠ دۆکیومەنت لەم بارەوە دانە دەستی راگەیاندنی فیدراسیون لەبارەی دواین لیکدانەوەیان ، کە ئاراستەی وەزیری هیجیرە کرا بوو درایە دەستیان . وە پاشان هاوریّیانی تریش لە لایەنی جۆربەجۆرەوە سەرنجوتیبینی‌یەکانی خۆیان راگەیاند ، دواتر جیگری وەزیری هیجرەو بەرپرسی وەزارەتی کار ، وەلامی‌یان بە قسەو باس و لیکدانەوەکانی ئیمە دایەوە.
سەرەتا پیّیان لەسەر ئەوە داگرت کە ئیمە بریاری بە زور گەرانەوەی پەنابەرانمان نەداوەو کەسانیك کەکیشەی سیاسی و ئەمنی یەتیان هەبووە قبول دەکرین بە تایبەت ژنان کە هەروەك باسمان کرد پیمان وایە کە وەزعیکی باشیان نی‌یە و لە ماڧ پەنابەری بەهرمەند دەبن . پاشان پەنابەرانیش تریش دەتوانن لە سویدا بمینەوە تا چوار سالی تر تا ئەو کاتە ئیمە
بەلەبەرچاوگرتنی گورانکاریەکان بریاریکی تر دەدەین و بەشیوەیەکی تر مامەلە لەگەل پەنابەراندا دەکەین .
دواتر پیشبینی مەترسی یەکانی ئەم لیکدانەوەو بریارەی حکومەتی سوید خرایە روو و بەتووندی نارەزایەتی خومان دوبارەکردوە لە دوا قسەدا ریبوار عارف سەرباری پیّ داگرتن لە دواکاری یەکانی ئەم کەمپینە هەروەها بۆ کوتای هینان بە بەردەوام بوونی ئاوارە بوونی خەلکی کوردستان و بەهەمەرند کردنیان لە ژیانکی ئاسیش و شایستە بە ئینسان جیگری وەزیری هیجرەی دەعووت کرد بۆ پشتگیری کردن لە بەرپا کردنی ریفراندومیك لە کوردستاندا تا ئەگەر بۆیەك جاریش بووە خەلکی کوردستان بە شیوەیەکی ئازادانە خۆیان بریار لە دیاری کردنی چارەنووسی خویان بدەن وە ئایندەو شیوەی ژیانی ئینسانی خویان دیاری بکەن . لە وەلامدا بەریز Gunbrit Andersson ووتی وەك (( ناوچەی تەیمور )) ئەگەرچی سەختە بەلام بەهیوام .

١٩ / ٤ / ٢٠٠٢